# ڕۆڵی مومتاز حەیدەری لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا

**بارزان محمد علی** بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر ، هەرێمی کوردستان، عێراق.
ئیمەیڵ: barzan.ali@su.edu.krd
**کاروان جوهر محمد** بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر ، هەرێمی کوردستان، عێراق.
ئیمەیڵ: karwan.mohammad@su.edu.krd

## پوختە:

بەدرێژایی تەمەنی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە کەمن ئەوانەی جێپەنجەیان بەسەر کاروانی خەباتی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە دیار بێت، یەکێک لەوانەی ڕۆڵێکی زۆری هەبووە لە بەردەوامبوون و پێشخستنی ڕۆژنامەی کوردی مومتاز حەیدەرییە. مومتاز حەیدەری وەک ڕووناکبیرێکی دیاری شاری هەولێر، جێ پەنجەی دیارە و خزمەتێکی زۆری لەم بوارەدا کردووە، بۆیە ئەم توێژینەوەی بۆ تەرخان کراوە سەبارەت بە ڕۆڵی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا.

مومتاز حەیدەری لە بواری ڕۆژنامەگەریدا ڕۆڵی دیار و درەوشاوەی هەبووە و بە یەکێک لەو کەسایەتییانە دادەنرێت کە ڕۆڵی زۆری لە هۆشیاری روناکبیریدا هەبووە، خاوەن قەلەمێکی دیار بووە و بە هەردوو زمانی کوردی و تا رادەیەکیش عەرەبی نووسیویەتی و هەربۆیەش بە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد مەڵبەندی گشتی و لقی هەولێر هەڵبژێردراوە.

ئەم توێژینەوەیە بە مێژووی ژیان و کەسایەتی مومتاز حەیدەری دا چووەتە خوارەوە و تا گەیشتووەتە ڕۆڵی ناوبراو لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا. پاشان بە شێوەیەکی ورد بەو مێژوەدا گەڕاوە و لایەن و کون و قوژبنەکانی هەڵداوەتەوە و بە بەڵگە و سەرچاوەی جێی متمانەوە لە هەموو قۆناغە جۆربەجۆرەکانی کۆڵیوەتەوە و تا گەیاندوویە بە ئەمڕۆ .بایەخ و لایەنی گرنگی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە نووسەرەکەی بە ئەمانەتەوە ڕووداوەکانی نووسیوەتەوە و خۆی لە گێژەنی ئایدۆلۆژیا قەتیس نەکردووە، گەر چی لە هەر شوێنێ پێویست بووە ڕای خۆی دەربڕیووە، بۆیە زۆرجار لەبەر ئەوەی باسەکەی تەسک نەکردبێتەوە، لەمەر ڕووداوێکی مێژوویی چەند بۆ چوونی جیاوازی لە سەرچاوەی جیاوازە وە هێناوە، بەگشتی هەوڵدراوە بە بەڵگەوە ڕۆڵی مومتاز حەیدەری لە بواری ڕۆژنامەگەریدا بە تایبەتی بە ڕوونی بخرێتە بەرچاوی خوێنەر.

پێکهاتەی ئەم توێژینەوەیە: (دوو تەوەر لەخۆ دەگرێت و هەر تەوەرێکیشیان بەسەر چەند باسێک پۆلینکراوە: لە تەوەری یەکەمدا " ژیاننامە و ڕەچەلەکی بنەماڵەکەی " خراوەتەروو و بە باسی قۆناغی پێگەیشتن و لایەنی کەسایەتی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

مومتاز حەیدەری درێژە پێدەدات. ئەم باسە پشت بەستن بە چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر بە وردی رەچەلەکی بنەماڵەی حەیدەری خراوەتە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوە. ئەم جار تەوەرێکی دیکەی مێژوویی هاتۆتە ئارا کەتەوەری دووەمە ئەویش باسی " رۆڵی مومتاز حەیدەری لە رۆژنامەگەریی کوردیدا" بە مەبەستی شیکردنەوەی ئەم لایەنە، هاتووینەتە سەر باسی رۆژنامەگەری بە لایەنی نهێنی و ئاشکرا، یەکە یەکە باسی هەموو چالاکییەکانی حەیدەریمان کردووە و ئەو مێژووەمان بە خوێنەر ناساندووە.

**کلیلی ووشەکان:** ڕۆژنامەگەری، مومتاز، وتار، بایەخ، گۆڤار.

## تەوەرەی یەکەم / ژیاننامە و رەچەڵەکی بنەماڵەکەی:

مومتاز کوڕی حەیدەر کوڕی عاصم کوڕی ئیبراهیم کوڕی صبغەتوڵلای حەیدەرییە لە ڕێکەوتی (3/8/ 1938) لەگەڕەکی عارەبانی شاری هەولێر لە دایکبووە[1]. لەسەرەتادا ناوی (عەلی مومتاز) بووە، هەروەک خۆی دەڵێت: "لە سەردەمی حکومەتی مەلیک فەیسەڵ) دا وەزیرێک هەبوو بە ناوی (عەلی مومتاز دەفتەری)، هەر بۆیە کاتێک لە دایک بوومە لە لایەن فاتیمەی پلکییەوە پێشنار بۆ بنەماڵەکەی کراوە ناوی بنێن ( عەلی مومتاز)، ئەوانیش ناویان ناوم ( عەلی مومتاز حەیدەری)، بەڵام دوای ئەوەی چووینە دەشت و هاتینەوە، سەرژمێری گشتی کرا، داوام لە کاک موهیب حەیدەری برام کرد بە ناوی (مومتاز) تۆمار بکرێت، بەم شێوەیە ناوەکەی گۆراوە بۆ (مومتاز)" (حەیدەری، دەستنووس، ل 22).

سەبارەت بە ڕەچەلەکی بنەماڵەی مومتاز حەیدەری بیروڕای جیاوازی لەبارەیەوە هەیە[2]، بەڵام ڕای پەسند ئەوەیە کە بنەماڵەی حەیدەرییەکانی باشوری کوردستان بە ڕەگەز کوردن و لەسەرەتاکانی سەدەی شازدەهەم لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی سەفەوی (1501 1722ز) بەرەو ناوچەکانی باشوری کوردستان کۆچیان کردووە (مەزهەر،2006، ل176؛ مدرس، 1984، ل 223)، ئەویش دوای ئەوەی کە دەوڵەتی سەفەوی شیعە مەزهەب دەکەوێتە ئازاردان و تەنگپێهەڵچنینی پەیڕەوکەرانی مەزهەبی سوننە لەناو دەوڵەتەکەدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەک لە بنەماڵە سونیەکان کۆچ بکەنە ئەو ناوچانەی کە لە ژێر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون، یەکێکیش لەوانە بنەماڵەی حەیدەری بوون، دوای هاتنیان بۆناو دەوڵەتی عوسمانی، عوسمانیەکان زەوی و زار و چەند گوندێکیان بە مەبەستی بە دەستهێنانی بژێوی ژیان پێبەخشیون، سەبارەت بەمەش (ئیبراهیم فەسیح حەیدەری) ئاماژە بەوە دەدات، کە لەڕێگەی عوسمانییەکانەوە حەیدەرییەکان بوونەتە خاوەنی چەندین گوند لە ناوچەکانی شارەزوور و هەریر (صبغة الله، 1999، ص92). بە پێی ئاماژەی سەرچاوەیەکی تایبەت بە بنەماڵەی حەیدەرییەکان (شێخ محەمەدی کوری حەیدەر پیردین) یەکەم کەس بووە، کە لەو بنەماڵەیە کە لەسەرەتاکانی سەدەی شازدەهەم رووی کردووەتە باشوری کوردستان و


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

هەر لەوێدا ژیانی هاوسەرگیری پێكهێناوەو كوڕێكی بووە و ناوی ناوە (حەیدەر)، كە دواتر دەبێتە باپیرە گەورەی حەیدەرییەكانی كوردستان و عێراق (الراوي، 2007، ص 128-129).

بە پێی درەختی بنەماڵەی حەیدەری (عاصمی كوڕی صبغەتوڵڵا) دوو كوڕی هەبووە: یەكەمیان ئیبراهیم حەیدەری(1865-1931) لە هەولێر لە دایك بووە و دوای تەواوكردنی قۆناغەكانی خوێندنی ئاینی لە شاری هەولێر، ڕووی كردووەتە ئەستەنبۆڵ و لەوێ لەبەر زیرەكی و لێهاتوویی چەندین پایەی حكومی و زانستی وەرگرتووە، لەدیارترینیان ساڵی 1906 دەبێتە قازی ویلایەتی دیاربكر ( اينال، 1980/1/3)، لە دوای گەڕانەوەشی بۆ عێراق لە ساڵی 1924 لە حكومەتی یەكەمی یاسین هاشمی (1924/8/2- 1925/6/21) دەكرێت بە وەزیری ئەوقاف (الحسني، 1998، ص245؛ زكي، 2005، ص 66).

دووەمیان (حەیدەر حەیدەری) (1876-1954)، كە دەكاتە باوكی مومتاز حەیدەری، كەسێكی شارەزابووە لە زانستە ئاینیەكاندا، لەتەمەنی گەنجێتیدا ڕووی كردووەتە ئەستەنبۆل و لە ڕێگەی (ئیبراهیم حەیدەری) برایەوە، وەكو فەرمانبەرێكی حكومی دامەزراوە[3]، لەماوەی جەنگی یەكەمی جیهانی(1914-1918) لە ساڵی 1917 بۆ هەولێر دەگەڕێتەوەو لە ڕوانگەی ئاینی ئیسلامەوە دژایەتی ئینگلیزەكان دەكات. حەیدەر حەیدەری لە ساڵی 1920 لەگەڵ (فەزیلە)[4]ی كچی (وەلی قادر چەلەبی) كەیەكێك لە دەوڵەمەندەكانی هەولێر بووە، هاوسەرگیری پێكهێناوە و لەو خێزانەی حەوت منداڵی هەبووە بە ناوەكانی (عاصم، سالح، جەمال،موهیب، مومتاز، جەمشید، نازەنین) (دیدار لەگەڵ مومتاز حەیدەری، لە (2015/10/24).

مومتاز حەیدەری لەبەر ئەوەی لە بنەماڵەیەكی ئایینی و زانست و ئەدەب پەروەر سەریهەڵداوە، لە تەمەنی (7) ساڵی واتە لە ساڵی (1945) دەخرێتە بەر پرۆسەی خوێندن لە قوتابخانەی (اربیل الثانیه)[5]، بەڵام لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی دا بەهۆی ڕەوشی زێدە نالەباری خێزانەكەیان و بەندكردنی برا گەورەكانی (عاصم، سالح، جەمال، موهیب) لە ساڵی 1949 خێزانەكەیان ڕوو لە گوندی بێریات دەكەن و ئەمەش دەبێتە سەرەتای دووركەوتنەوەیەكی درێژ بۆ ئەو لە خوێندن و قوتابخانە كە ماوەی حەفت ساڵ دەخایەنێت (حەیدەری، 2011/8/22). بەڵام كاتێك ( سالح حەیدەری) برای لە ساڵی 1951 لە بەندیخانە ئازاد دەبێت و دەبینێت هەردوو برای بچووكی وازیان لە خوێندن هێناوە، دەچێتە شاری هەولێر و لە كتێبخانەی شێخ محەمەد ( شێخە شەل) چەند ژمارەیەكی گۆڤاری گەلاوێژ و هەندێك كتێبی دیكە دەهێنێت و براكانی فێری خوێندن و خوێندنەوە دەكات، ئەمەش وایكرد ئەو بۆشاییە گەورەیە تا ڕادەیەك پڕبكرێتەوە(حەیدەری، 2011/8/22). هەر بۆیە مومتاز حەیدەری هەمیشە ( سالح حەیدەری) برا گەورەی بە یەكەم مامۆستا و گۆڤاری (گەلاوێژی) یش بە دووەم مامۆستای خۆی دەزانێت (حەیدەری، دەستنووس، ل 31).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

پاشان لە ساڵی (1955) جارێکی دیکە خێزانەکەیان دەگەڕێتەوە هەولێر و لە پۆلی چوارەمی سەرەتاییەوە درێژە بە خوێندن دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا پاشخانێکی رۆشنبیری باشی پەیداکردبوو لەگەڵ خوێندنەو و نووسین، بەهۆی ئەو دەست پێشخەرییەی کە لە لایەن صالح حەیدەری برایەوە بۆی ئەنجام درا، تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لەو قوتابخانەیە دەخوێنێت و پاشان لە قوتابخانەی ( اربیل الاولی) کە (ئیبن خەلەکان)ی ئێستای پێ دەڵێن، درێژە بە خوێندن دەدات و تاوەکو پۆلی سێیەمی ناوەندی بەردەوام دەبێت، دواتر بە هۆی ئەوەی لە 1961/5/1 لە لایەن حکومەتەوە دەستگیردەکرێت[6] و رەوانەی خوارووی عێراق دەکرێت و لە تاقیکردنەوەی کۆتایی بێبەش دەکرێت، دووبارە لە خوێندن دووردەکەوێتەوە و ئەمەش کۆتا قۆناغی خوێندنی دەبێت و دوای ئەوە ئیتر هەرگیز بۆی ناکرێ بگەڕێتەوە قوتابخانە لە شاری هەولێر (حەیدەری، 2011/8/22). دوای دەرچوونی لە زیندان، بە بڕیارێکی حزبی شیوعی بە نهێنی دەچێتە مۆسکۆ لە پەیمانگەی نێودەوڵەتی (زانستە کۆمەڵایەتییەکان) بەسەرکەوتوویی تەواو دەکات و لە چەند خولێکی کورت خایەنی (پارتیزانی، چاپەمەنی، زانستی دەروونی) بەشداری دەکات ( بابان، 2012، ص 486).

سەبارەت بە ژیانی هاوسەرگیری لە ساڵی (1971) (رەمزیە)ی کچی سلێمانی کوڕی محەمەدی کوڕی سەعیدی ناسراو بە (کوڕی مەلا سەعدوڵڵا) وەک هاوسەری ژیانی هەڵبژاردووە، لەماوەی ژیانی هاوسەریاندا خاوەنی کوڕێک و دوو کچن، ئەوانیش بە ناوەکانی (کاروان) کە لە ساڵی (1973) چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، هەروەها(سازان) لە دایکبووی ساڵی (1974) و (زیلان) لە دایکبووی (1979) (حەیدەری، 2018، ص 695).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## تەوەری دووەم: ڕۆڵی لە ڕۆژنامەگەری کوردی:

### یەکەم: ڕۆژنامەگەری نهێنی:

ڕۆژنامەوانی کوردی لەوەتەی سەری هەڵداوە، بەشێک بووە لە بزوتنەوەی نیشتمانییە ڕزگارییەکەی و زۆر بە مکومی پابەندی بووە، بێگومان بارودۆخی تایبەتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و سیاسەتی داگیرکەرانە کاریکی وایان کردووە، ڕۆژنامەی پارتە سیاسییەکان، زیاتر لە بارودۆخێکی نهێنیدا دەربچن و بەشێکی گرنگ لە ڕۆژنامەوانیی کورد پێک بهێنن. سیاسەتی داپلۆسێنەرانەی عەبدولکەریم قاسم و هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلوول بوونە هۆی لاوازی و پوکانەوەی ئەو ڕۆژنامە ئاشکرا کوردییانەی دەردەچوون و سەرهەڵدانی ژمارەیەک ڕۆژنامەی نهێنیی نوێ کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە کاروانی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا بینووە، ئەم جۆرەیان بە ڕۆژنامەوانیی پێشمەرگە، شاخ، ناسراوە (سالح، 2007، ل31).

مومتاز حەیدەری هەر لەگەڵ پەیوەندیکرنی بە ریزەکانی پارتی کۆمۆنیست هانای بۆ ڕۆژنامەوانیی حزب بردووەو هەر زوو ئەو خولیایەی کارکردنی بۆ دەرکردنی بڵاوکراوەکانی حزب بەرجەستەکرد، ئەمەش پتر پاڵی پێوەنا بۆ ئەوەی ژیانی لەمەودوای خۆی بۆ تەرخان بکات، لەم سۆنگەیەوە بۆ ماوەیەکی زۆر لە کەرکوک پیتی چنیوەتەوە بۆ دەرکردنی بڵاوکراوەکانی حزب و لەم پێناوەشدا تووشی ئازار و دەربەدەرییەکی زۆربووە، لەم بارەیەوە کەریم ئەحمەد نووسیویەتی "**مومتاز حەیدەری بێ ئەندازە چالاک بوو لە ڕێکخراوی هەرێمی کوردستانی پارتی کۆمۆنیست، لە هەلسوڕاندنی کاری چاپخانە و دەرکردنی ڕۆژنامەی ڕێکخراوی هەرێم ( ڕێگای کوردستان)ی لە کەرکوک، بەکارکردنی لە کاری نهێنیدا شارەزایی زۆری پەیدا کردبوو، بەهەموو ئاڵۆزی و دژوارییەکانییەوە بە شێوەیەکی داهێنەرانە توانی چاپخانەکە هەڵسوڕێنێت و لێهاتووانە ڕۆژنامەکە دەربکات**" [(7)]. جێگە ئاماژە پێکردنە لە دوای داخستنی ڕۆژنامەی (ئازادی) [(8)]، ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) جێی گرتەوە و ژمارە (1) ی لە ساڵی 1962 لە کەرکوک دەرچووە و تا ساڵی 1973 بەردەوام بووە ( ئەحمەد،2001، ل 15 ).

لە دوای کودەتای 8ی شوباتی 1963[(9)]، لە گردۆلکەکانی ( خۆرنەوازان)ی نزیک گوندی (قەوالی)، پارتی کۆمۆنیست بنکەیەکی دامەزراندووە، شوێنێکی لاچەپ و دوورە دەست بووە، بۆیە مومتاز حەیدەری یەکێ لە بەشدارانی ئەو بنکەیە هەوڵدەدا لە ڕێگای گوێگرتن لە رادیۆ ڕۆژانە دەنگوباسەکان ئامادە بکات و بەدەست بینووسێتەوە و ڕۆژانە لە دوای نانی نیوەڕۆ، بۆ ئامادەبووانی بخوێنێتەوە، کە ئەمە تا ڕادەیەک شوێنی بێ ڕۆژنامەیی بۆ پڕکردوونەتەوە، ئەم کارەش لە مانگی ئاداری 1963 تاکو ئابی 1963ی خایاندووە. کار هەر بەوە نەوەستاوە تا پارتی کۆمۆنیست بنکەیەکی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

ڕاگەیاندنی لە ئاوەگرد[10] دامەزراندووە و ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) یان لێ دەرکردووە، ئەمانەی کاریان تێدا کردووە بریتی بوون لە: مومتاز حەیدەری، محەمەد کەریم فەتحوڵڵا، ئەبو سەمەد، حوسێن عارف، عەرەبێکی ناو سەلمان لە ماوەی شەش مانگدا 18 هەژدە هەزار وەرەقەی فولسکابی تێدا بەکارهێناوە، ئەمەش بۆ ئەو ڕۆژە مەغزایەکی زۆری لە بواری ڕاگەیاندن هەیە ( حەیدەری ، 2018/6/23 )؛ (دەباغ، 2000، ل 58 - 69).

ڕێگای کوردستان سەر وتاری بۆ یادی چل و پێنج ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر تەرخان دەکات چ وەک ڕووداوێکی جیهانی و چ ئایدۆلۆژی جێی بایەخی بووە. لە بارەی دۆزی کوردەوە نووسیوویەتی " گەلی کورد دوست و دوژمنی خۆی لێک جیادەکاتەوە و شارەزای ڕێگای تێکۆشانی خۆیەتی". ڕێگای کوردستان ئەو وتارەی سەلام عادل[11] بڵاوکردۆتەوە کە بۆ پارتە کۆمۆنیستی و کرێکارییەکانی جیهانی ناردووە لە 26ی مایس 1962، کە لەبارەی مەسەلەی کوردەوە بووە، بەتایبەتیش کۆکردنەوەی سوپا و تۆقاندن و پەلاماردانی کورد و هەڵوێستی حکومەتی قاسم لە ئاست مافەکانی گەلی کورد، لەگەڵ نامەیەکیشدا وێنەیەکی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی عێراق – مانگی مارت 26ی ئایاری ناردراوە، بۆ ئەوەی پتر زانیارییان لەسەر کێشەکە بۆ ڕوون بکاتەوە ( ساڵح، 2007، ل 106).

(ڕێگای کوردستان) وەک زمان حاڵی لقی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بە بەشێک لە بزوتنەوەی نیشتمانی عێراق داناوە و شۆڕشی بە تەواوکەری ئەو ڕاپەڕینانە داناوە کە لەسەر ئاستی عێراق هەر لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بەرپابوون، بۆیە لە وتارێکدا بۆ بەسەرکردنەوەی شۆڕشی ساڵی 1920 لە عێراقدا ئەم بیروبۆچوونەی خستۆتە ڕوو( ساڵح، 2007، ل 107).

بەشداری و ڕۆڵی مومتاز حەیدەری لەبواری ڕۆژنامەوانیدا، ئەوە دەردەخات کە ناوبراو لە پاڵ چالاکیەکانیدا، گرنگی زۆری داوە بە ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی نهێنی کە بۆ ئەو ڕۆژگارە بایەخێکی زۆری هەبووە و جگە لەوەی کەلێنێکیان لە بواری ڕۆژنامەگەری نهێنیدا پڕکردۆتەوە، لەهەمان کاتیشدا لەبواری خەباتی سیاسیدا، ڕۆژنامەگەری بەشێکی هەرەگرنگ بووە، چونکە ئەلقەی بەیەکگەیشتنی هزرو چالاکی پارتە سیاسییەکان و جەماوەر بووە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## دووەم: ڕۆژنامەگەری ئاشكرا:

بواری ڕۆژنامەگەری لەسالآنی حەفتاكان، وێرای ئاستەنگەكان تەكانێكی زۆری بە جوڵانەوەی ڕۆشنبیری كوردی لە شاری هەولێر داوە، ڕۆژنامە ئاشكراكان هەرچەندە رووبەرێكی زۆریان بۆ نووسەران فەراهەمكردبوو، بەڵام سانسۆرەكان ئازادیان لە نووسەرانی كورد قۆرغ كردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ماوەی سالآنی حەفتاكان، بە قۆناغێكی گەشەسەندووی جولآنەوەی رۆشنبیری كوردی دادەنرێت لەشاری هەولێر، بەهۆی ئەو ژمارە زۆرەی گۆڤار و رۆژنامانەی كە لەشار هەبوونە، بەم جۆرەش ئەدەب و زمان و هونەر و كولتوری كوردی لەبەردەم سیاسەتە سەركوتكەرەكانی حزبی بەعس بەشێكی كۆلّی خۆیان دابووە پشتی نووسەر و رۆشنبیرانی كورد. بە ئامانجی رزگاركردنی لە هەڕەشەكانی لەناوچوون، ئەمانیش لە ڕێگای ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەی هەبوون توانیان لەو قۆناغە هەستیارەدا تاوەكو ئاستێك ئەو مەترسیانە بڕەوێننەوە (عبدالرحمان، 2016، ل 226).

## 1-_ گۆڤاری نووسەری نوێ:

یەكێك لە وێستگەكانی كاری رۆژنامەوانی ئاشكرای مومتاز حەیدەری بووە، رۆڵێی گرنگی تێدا گێڕاوەو لە ژمارە (4)ی گۆڤاری ناوبراو، دەبێتە یەكێك لە دەستەی نووسەران و چەند بابەتێكی ئەدەبی و مێژوویی تێدا بلآوكردۆتەوە. ئەم بلآوكراوەیە گۆڤارێكی ئەدەبی، پەروەردەیی، زمانەوانی كوردی بوو، یەكێتی نووسەرانی كورد لقی هەولێر بە زمانی كوردی دەری كردووە، یەكەمین ژمارەی، ساڵی یەكەمی لە 1972 بلآوكراوەتەوە، دەستەی نووسەرانی پێكهاتبوون لە (عیزەدین فەیزی، كەریم شارەزا، حەمەكەریم هەورامی، محەمەد حەسەن مەنگوڕی، عەزیز گەردی، جەمیل رەنجبەر، مەدحەت بێخەو) (نووسەری نوێ، 1972). بەڵام لە ژمارە (3)ی گۆڤارەكەدا كە لە حوزەیرانی 1978 دەرچووە واتە شەش ساڵ بەسەر دەرچوونی ژمارەی یەكەم، دەستەی نووسەران بەم شێوەیە گۆڕانكاری بەسەر داهاتووە: (كەریم شارەزا، مومتاز حەیدەری، عەزیز ڕەشید حەریری، جەوهەر كرمانج، سەعدوڵڵا پەرۆش) (نووسەری نوێ، 1978). ژمارە (4)یشی لە حوزەیرانی (1979) بلآوكراوەتەوە(نووسەری نوێ، 1979)، و دواتریش دوا ژمارەی كە ژمارە (5) بووە، لە ئەیلولی 1980 بلآوكراوەتەوە، كە دوا ژمارەی بووە پێش هەڵوەشاندنەوەی رێكخراوەكە و بەستنەوەی بە یەكێتی ئەدیب و نووسەرانی عێراق/ لقی ناوچەی ئۆتۆنۆمیەوە(نووسەری نوێ، 1980)، لەم ژمارەیەش دەستەی نووسەران هەمان دەستەی نووسەرانی ژمارەی (3–4) گۆڤارەكە بوون.

لە لاپەڕەی یەكەم پێناسەی گۆڤارەكە و دەستەی نووسەران ئاماژەی بۆ كراوە، لەگەڵ ژمارە و ساڵی دەرچوون و بلآوكردنەوە، هەروەكو لە دیوی ناوەوەی لاپەڕەی یەكەمدا پێڕستی بابەتەكان بلآوكراوەتەوە. سەبارەت بە لایەنی هونەری گۆڤاری ( نووسەری نوێ)دا ئەوا پێوانەی گۆڤارەكە( 26×30)سم زۆربەی بابەتەكان لەسەر شێوەی یەك ستونی دایە، تەنیا ژمارەیەكی كەم نەبێت بەشێوەی دوو ستوون بابەتەكان تێدا بلآوكراوەتەوە.

گۆڤارەکە ناوەرۆکی ئەدەبی لە خۆگرتووە و زۆربەری لاپەڕەکانی بۆ تەرخانکراوە، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی چەند بابەتێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی، بەڵام بەشێوازێکی زۆر کەم. سەبارەت بە ڕیزبەندی ڕێژەی سەدی بابەتەکانی ئەم گۆڤارە، ئەوا بابەتی ئەدەبی بە ڕێژەی (48.9%) لە کۆی گشتی (45) لە ریزبەندی یەکەم دایە، هەواڵیش بە ڕێژەی (15.6%) لە ریزبەندی دووەم، لە کاتێک دا بابەتەکانی زمانەوانی، مێژوو، وتەکانی ژیان ریزبەندی سێیەم بە ڕێژەی (8.9%) پێکدەهێنن، دوای ئەوان وتەی ژمارە بە ڕێژەی (4.4%)، دوا ریزبەندیش بۆ بابەتی پەروەردەیی و ریکلام دێت بە ڕێژەی (4.4%) ( سمکۆ، 2012، ل 238 ).

سەبارەت بە نووسینەکانی مومتاز حەیدەری لە گۆڤاری ناوبراودا، بابەتێکی لە ژێر ناونیشانی(جەواد رەسول هونەرمەندیکی مەزن بوو)لە ژمارە (3) ئەم گۆڤارە بڵاوکردۆتەوە، کە تیدا تیشکی خستۆتە سەر ژیان و بەرهەمەکانی، دواتریش چەند تایبەتمەندییەکی کەسایەتی ناوبراو شیکردۆتەوە، وێڕای ئەوەش حەیدەری کە خۆی یەکێک بووە لە قوتابیەکانی بە دامەزرێنەری بناغەی جولانەوەی هونەر ناوی دەبات و ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە رووخساری بەرهەمەکانی نیشتمانی و پێشکەوتن خوازانە بووە، ناوەرۆکەکەشی گیانی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی لێ بەدی دەکرا، سەرباری هەموو ئەمانە حەیدەری ئەوە روونەدکاتەوە زۆربەی هونەرمەندەکانی هەولێر کە رۆڵێکی دیاریکراو لە ڕەوتی هونەری کوردی دەگێرن قوتابی ئەو هونەرمەندە مەزنە بوونە و لە ژێر سەرپەرشتی ئەو پەروەردە بوون، لە کۆتایی نووسینەکەشیدا بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو زیاتر ئاگاداری ژیان و بەرهەمەکانی جەواد رەسول بن، سەربوردەی ژیانی لە چەند خاڵێک دا دارشتووە (حەیدەری، 1978، ل 63-65).

"**مەزنترین جێژن** " ناونیشانی نووسینێکی دیکەی مومتاز حەیدەرییە لە گۆڤاری نووسەری نوێ، خامەی بە پێزی حەیدەری لەم وتارە پرژاوەتە سەر گرنگی دەست نیشانکردنی ساڵی 1979 وەکو ساڵی جیهانی بۆ مندالان، چونکە پێی وایە بە ملیۆنەها منداڵ لەسەر رووی ئەم زەمینە لەو پەڕی ناخۆشی و دەربەدەری و ژێر چەپۆکی خوێنمژان و ئیمپریالیستە داگیرکەرەکان دەناڵێنن و ئەتلێنەوە. بۆیە ئەم ساڵەی بە ساڵێکی پیرۆز و سەرکەوتن دەزانێت و جێ بە جێ کردنی پەیامەکەشی، بە سەرکەوتنی خواست و ئاواتی مرۆڤایەتی لە پێناو ژیانێکی بەختیار و یەکسانی و نەتەوەیی و مسۆگەرکردنی ئاشتییەکی راستەقینە لێکداوەتەوە، لەم سۆنگەیەوە بە پێویستی زانیوە لەسەر گشت ئەدیب و نووسەران و شاعیرانی کورد ئەم ساڵە لە قەڵەمەکانیاندا بخەنەکار بە وشەی پاکی کوردی و مێشکیان زاخاو بدەن تاکو ئازار و ئاواتی منداڵانی کورد بە دڵسۆزی لە نووسینەکاندا رەنگ بدەنەوە(حەیدەری، 1978، ل 77-78).

لە ساڵیادی مێژووی رۆژنامەگەری کوردی، حەیدەری بابەتێکی لە ژێرناونیشانی (**22ی نیسان نیشانەیەکی نەمرە لە مێژووی رۆژنامەنووسی کوردیدا**) لە ژمارە (5)ی هەمان گۆڤار بڵاوکردۆتەوە، لەم وتارەی دا رۆشنایی خستۆتە سەر چەند لایەنێک، لەسەرتادا باس لە گرنگی رۆژنامەی کوردستان دەکات و بەیەکەمین مۆمی گەش و ئەستێرەی پرشنگداری ئاسمانی رۆشنبیری کوردی ناوی دەبات، بۆ ئەمەش دوو هۆکار بۆ گەواهیدەری قسەکەی دەهێنێتەوە، یەکەمیان: ترس و لەرزێکی گەورەی خستۆتە دڵی دوژمنە خوێن خۆرەکانی نەتەوەی کورد، دووەمیان: زەنگی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

هۆشیاربوونەوە و ئازادکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە دەست جەور و ستەمی داگیرکەرە بێگانەکان بووە. لەم سۆنگەیەوە دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان بە نیشانەی سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە تێکۆشانی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی و نیشتمانی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دەزانێت. لەبەشێکی دیکەی وتارەکەی تیشکی خستۆتە سەر هۆکارەکانی دەرچوونی ڕۆژنامەی ناوبراو، ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێنێتەوە کە بریتین لە : باری ڕۆشنبیری و سیاسی کورد، ئەویتریان تایبەتە بە بارو ئاستی ڕۆشنبیریی و سیاسیی جولانەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی دراوسێی کورد ( حەیدەری ، 1980 ، ل 5-7).

## 2_- گۆڤاری ڕۆشنبیر:

وێستگەیەکی دیکەی کاری ڕۆژنامەوانی مومتاز حەیدەری بووە، گۆڤاری ڕۆشنبیر کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی لقی هەولێر دەریکردووە، سەرنووسەری گۆڤارەکە (عبدالرزاق بێتوشی)بووە و (ئەحەمد شەریف)یش سکرتێری نووسینی بووە، دەستەی نووسەرانی پێکهاتبوون لە (مومتاز حەیدەری، حازم باجەلان، سامیە شاکر، عبدالقادر حمدامین) (ڕۆشنبیر، 1973، ل1).

لە لاپەڕە چواری گۆڤارەکە ئامانجی گۆڤارەکە بەم شێوەیە خراوەتەڕوو:

1_- بووژاندنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتی و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیرییەکی پێشکەوتووانەی شۆڕشگێڕ.

2_- پێشخستن و دەوڵەمەندکردنی زمان و وێژە و مێژووی کورد بە ڕێگایەکی زانستیانەی ڕاست.

3_- پتەوکردنی برایەتی کورد و عەرەب و پاراستنی یەکێتی نیشتمانی عێراقی خۆشەویست، وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراتیەت بۆ عێراق.

4_- زەمینە خۆشکردن بۆ ڕیشە کێش کردنی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی. وە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەلانی خەڵکی کوردستان.

5_- پشتگیریکردنی خەبات و تێکۆشانی گەلانی جیهان لە دژی ئیمپریالیزم و داگیرکەران بە تایبەتی گەلی کوردمان و گەلی فەلەستینی قارەمان ( ڕۆشنبیر،1973 ، ل4).

تەنها یەک ژمارەی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە ساڵی 1973 لێ دەرچووە، کە لە (68) لاپەڕە پێکهاتووە و لە چاپخانەی ( ڕاپەڕین) لە شاری سلێمانی چاپکراوە، بەشی زۆری گۆڤارەکە بە زمانی کوردی بووە، کە چەند


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

بابەتێكی مێژوویی و ئەدەبی تێدا بڵاوكراوەتەوە، ئەمە جگە لە بڵاوكردنەوەی چالاكییەكانی لقی هەولێری یەكێتی نووسەرانی كورد[12].

بەشی عەرەبی ئەم تاكە ژمارەی گۆڤاری (رۆشنبیر)، بە (20) لاپەڕە، وەک پاشكۆی بەشە كوردییەكەی بڵاوكراوەتەوە، ئەگەر چی لەسەر نووسراوە : پاشكۆی ( شمس كردستان)، كۆمەڵەی رۆشنبیری كوردی لقی هەولێر – دەری دەكات ( رۆشنبیر، 1973 ، ل 54). ئەم بەشەی گۆڤارەكە (6) بابەتی لە بوارەكانی ئابووری و ئەدەبی و مێژوویی لە خۆگرتووە.

مومتاز حەیدەری بابەتێكی بە ناونیشانی ( **حاجیی رۆشنبیری شۆڕشگێڕ**) لەم ژمارەیەدا بڵاوكردۆتەوە، لەم توێژینەوەیەدا نووسەر لە سەرەتادا تیشكی خستۆتە سەر ئەو هۆكارانەی كە كاریگەری تایبەتییان لەسەر گیان و هەستی حاجی قادری شاعیردا هەبووە و ئەوەشی بە چەند خاڵێک روونكردۆتەوە، دواتریش بە چەشنێكی زۆر كورت و كوشراو چەند پارچە هەڵبەستێكی شاعیری ناوبراو شیكردۆتەوە و لەبەر رۆشنایی هەڵبەستەكانی لە حاجی دواوە ( رۆشنبیر، 1973 ، ل 19-25).

## 3-_ گۆڤاری نووسەری كورد:

گۆڤاری نووسەری كورد لایەنێكی دیكەی رۆژنامەوانی ئاشكرابووە كە مومتاز حەیدەری رۆڵێكی كارای تێدا گێڕاوە، ئەم گۆڤارە بڵاوكراوەیەكی ئەدەبی و رۆشنبیری مانگانە بوو، لە لایەن (یەكێتی نووسەرانی كورد)، ئەم گۆڤارە لە شاری بەغدا بە زمانی كوردی دەردەچوو. ژمارە (1)ی خولی یەكەمی لە مانگی ئاداری 1971، بە قەبارەی كتێبێكی ئاسایی و بە (80) لاپەڕەو پێوانەی (17×23)سم لە چاپخانەی (دار السلام) چاپكرا، سەرنووسەری مارف خەزنەدار[13] بوو، سكرتێری نووسین نەسرین فەخری بوو، لەسەر وتاری ژمارەكەدا هاتووە "گۆڤارەكە بیروڕای یەكێتی نووسەرانی كورد دەردەبڕێ و پوختەی ئامانجەكانیشی لە قۆناغی ئێستاماندا بریتییە لە برەوپێدان و بەرزكردنەوەی پایەی ئەدەبی كوردی بە هەموو لقەكانییەوە وەكو شعر، وتار، پەخشان، و چیرۆک، بابەتە تازەكانی تری ئەدەب ..." (نووسەری كورد، 1971، ل3 ). نووسەری كورد لە خولی یەكەمدا (12) ژمارەی لێ دەرچووە. پاشان بەهۆی تێكچوونی گفتوگۆی نێوان سەركردایەتی كورد و حكومەتی عێراق، گۆڤارەكە داخرا، بە بڕیارێكی حكومەتی عێراق یەكێتی نووسەرانی كورد هەڵوەشێنرایەوە. بۆیە ژمارە (12)ی لە كانوونی دووەمی 1975 بە نهێنی لە شاخ دەرچوو (بەرزنجی ،1998، ل 7-8 ).

سەبارەت بە رۆڵی مومتاز حەیدەری لە گۆڤاری ناوبراو لە خولی دووەمی گۆڤارەكە بە دیاردەكەوێت، كاتێک سەر لەنوێ یەكێتی نووسەرانی كورد دامەزرایەوە و لە 1978/4/10 پێنجەمین كۆنگرەی خۆی لە شاری هەولێر بەست،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

له‌ ئایاری 1979 توانی له‌ خولی دووه‌میدا یه‌كه‌مین ژماره‌ی گۆڤاری (نووسه‌ری كورد) به‌ قه‌باره‌ی (17×24)سم بخاته‌وه‌ به‌ر دیدی خوێنه‌ران (نووسه‌ری كورد، 1979، ل3–7). گۆڤاره‌كه‌ له‌و خوله‌شدا (12) ژماره‌ی لێ ده‌رچوو، ژماره (12)ی له‌ ئابی 1983 ده‌رچوو. ژماره‌ی لاپه‌ڕه‌كانیشیان له‌ نێوان (127 بۆ 243) لاپه‌ڕه‌ بوو[14]. له‌ نێویاندا دوو ژماره‌ی تایبه‌تی لێ ده‌رچوو[15]. له‌ ژماره‌ (3)ی خولی دووه‌می گۆڤاره‌كه‌ به‌دواوه‌[16]، مومتاز حه‌یده‌ری ده‌بێت به‌ سكرتێری نووسینی گۆڤاره‌كه‌[17]. گۆڤارێكی ده‌وڵه‌مه‌ند و باش بووه‌ به‌ تایبه‌تی بۆ ئه‌و رۆژه‌ و به‌ چاپێكی جوان و رێك و پێك ده‌رچووه‌، چه‌ندین ده‌ق و بابه‌تی ره‌خنه‌یی تێدا بڵاوبۆته‌وه‌، له‌ نێویشیاندا چه‌ندین بابه‌ت و وتاری حه‌یده‌ری له‌ نێو لاپه‌ڕه‌ پڕشنگداره‌كانی گۆڤاری ناوبراو ده‌بینرێت، كه‌ هه‌ندێكیان له‌ شێوه‌ی دیمانه‌ و گفتوگۆدایه‌، له‌وانه‌ (گفتوگۆیه‌ک له‌گه‌ڵ نووسه‌ری ناسراوی كورد مامۆستا سه‌عید ناكام) (حه‌یده‌ری، 1979، ل90– 98). (له‌ دانیشتنێك دا له‌گه‌ڵ (خالید دلێر)ی شاعیر و هونه‌رمه‌ند) (حه‌یده‌ری، 1982، ل 134–148). (مامۆستا سه‌جادی خه‌رمان به‌ره‌كه‌ت) (حه‌یده‌ری، 1983، ل 162–165).مومتاز حه‌یده‌ری بابه‌تێكی له‌ ژێر سه‌ردێری ( **له‌م مرۆڤه‌ رۆشنبیره‌ نیشتمانپه‌روه‌كانمان : عه‌بدوڵلا عه‌زیز**) نووسیووه‌(حه‌یده‌ری، 1981، ل 179).له‌م نووسینه‌دا تیشكی خستۆته‌ سه‌ر چه‌ند لایه‌نێكی ئه‌م كه‌سایه‌تییه‌ كه‌ خۆیان له‌ ( سه‌ربرده‌ی ژیانی، چالاكی نه‌ته‌وه‌یی و سیاسی و رۆشنبیری، هه‌ستی نه‌ته‌وه‌په‌روه‌ری، به‌رهه‌مه‌كانی، رۆڵی له‌ كۆنگره‌ی مامۆستایان له‌ شه‌قڵاوه‌، كه‌سایه‌تی له‌ نێو چین و توێژه‌كانی كۆمه‌ڵگا، كۆچی دوایی) ده‌بیننه‌وه‌ (حه‌یده‌ری، 1981، ل 180–182).

## 4_ رۆژنامه‌ی هاوكاری:

رۆژنامه‌یه‌كی هه‌فتانه‌ی گشتی بوو، ده‌زگای گشتی چاپه‌مه‌نی و بڵاوكردنه‌وه‌ی كوردی له‌ وه‌زاره‌تی رۆشنبیری و ڕاگه‌یاندن به‌ زمانی كوردی له‌ به‌غدا ده‌ریده‌كرد. یه‌كه‌م ژماره‌ی له‌ رۆژی هه‌ینی ( 1970/1/9) به‌ ( 8) لاپه‌ڕه‌ی ره‌ش و سپی و قه‌باره‌ی ( 57×42سم)ده‌رچووه‌. سه‌رنووسه‌ركه‌شی ( مونزر عوزێم) بوو (هاوكاری، 1970/1/9 ) . له‌ ژماره‌ (22)ی ساڵی دووه‌می (1971/6/26)ه‌وه‌ له‌ (دار الجماهیر) ده‌رچووه‌ و له‌ چاپخانه‌ی ( دار الحرية) چاپكراوه‌. له‌ ژماره‌ (225)یه‌وه‌ له‌ 1974/7/5 له‌ لایه‌ن ( ده‌زگای هاوكاری بۆ چاپ و بڵاوكردنه‌وه‌ی كوردی) ده‌رچووه‌ (نه‌ریمان، 1989، ل54) .

له‌ راستیدا رۆژنامه‌كه‌ توانیبووی به‌ به‌رده‌وامی به‌ شێوازێكی رێك و پێك ده‌ربچێت و په‌یامنێر له‌ شاره‌كانی كوردستان دابمه‌زرێنێت و هه‌واڵه‌كانی باشوری كوردستان بڵاوبكاته‌وه‌. هاوكات رۆژنامه‌كه‌ خزمه‌تی زۆری به‌ ئه‌ده‌ب


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

و ڕۆشنبیری کوردی کردووە. قوتابخانەیەک بووە بۆ پێگەیاندنی چەندان ڕۆژنامەنووس و نووسەر و شاعیر و ئەدیب. لە لایەکی دیکەشەوە ئەو ڕۆژنامەیە ببوە پردی گەیاندنی گرفتە کۆمەلایەتی و خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگای کوردی، لە لاپەڕەی کێشەکانی خەڵک، بەلایەنی پەیوەندیدار.

سەبارەت بە ڕۆڵی مومتاز حەیدەری لە ڕۆژنامەی ناوبراو، لە ڕێگەی ( حەمید عوسمان)[18] لە 1/حوزەیرانی 1970 وەکو پەیامنێری ڕۆژنامەکە بە (20) دینار وەکو مووچەی مانگانە دامەزراوە (حەیدەری، 2018/7/11 ). حەیدەری بابەت گەلێکی لە بواری جیاجیا لە نێو لاپەڕەکانی ئەو ڕۆژنامەیە بڵاوکردۆتەوە، (**کوردستان لە 11ی ئازاردا**) (حەیدەری، 1970)، یەکێک لە وتارەکانیەتی کە تێدا ڕەهەند و تایبەتمەندییەکانی بەیاننامەی 11ی ئازاری ساڵی 1970 بە شێوەیەکی ورد شیکردۆتەوە و دەستکەوتەکانی بۆ گەلی کورد خستۆتەڕوو. ( **5ی حوزەیران و هاریکاری نێوان ( تل أبیب) و (تاران** ) ناونیشانی بابەتێکی دیکەی حەیدەرییە، لەم وتارەدا نووسیویەتی " پیلانی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەر خاکی فەلەستین یەکێک بوو لە پرۆژە بنەڕەتە ئیستراتیجییەکانی ئیمپریالیزم لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست، پاش ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی، بۆ ئەوەی ببێتە هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بۆ دامرکاندنەوەی جولانەوەی ئازادی خوازی گەلانی عەرەب لە پێناو بەدەست هێنانی سەربەخۆیی نیشتمانی، ئەویش دوای ئەوەی ئیمریالیزم دەیزانی ناتوانێت بەردەوام بێت لە بەربەرەکانی گەلانی عەرەب لە ڕێگەی سوپاوە". لە بەشێکی دیکەی وتارەکەی پێوەندی دەوڵەتی ئیسرائیل لەگەڵ ئێران ڕوونکردۆتەوە ( بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حەیدەری، 1970) .

حەیدەری لە بیرەوەری 19ی حوزەیرانی 1947، خامەی ناسکی خۆی تایبەت کردووە بۆ ئەو یادە و بەو بۆنەیەوە بابەتێکی دوور و درێژی لە ژێر سەردێری ( **خوێنی شەهیدان ڕێگای سەرکەوتن تەخت دەکات**) نووسیوە و هاوکات نامەی دەستنووسی ئەوانیش لەم وتارە خستۆتە بەر دیدی خوێنەر، تاوەک بزانن بە چ گیانێکی شۆڕشگێری تێدەکۆشان لە پێناوی ئازادی گەل و نیشتمان (حەیدەری ، 1970). مومتاز حەیدەری ڕۆڵی کرێکارانی عێراقی بە کورد و عەرەبەوە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لە عێراقی سەردەمی پاشایەتی لە چوارچێوەی وتارێکی دوو لاپەڕەیی دەرخستووە، کە تێدا تیشکی خسۆتە سەر ڕاپەڕینی گاورباغی و ڕۆڵی کرێکارانی عێراق بە گشتی لە تێکۆشان دژی حکومڕانە کۆنەپەرستەکانی عێراق و دەزگا ئیستعمارییەکان بۆ وەرگرتنی مافی زەوتکراویان (حەیدەری ، 1970). لە درێژەی وتارەکانی حەیدەری، بابەتێکی لەبارەی میهرەجانی شاعیری نەتەوەیی حاجی قادری کۆیی نووسیوە و تێدا داوای کردووە ئەو یادە ببێتە هاندەریک بۆ پتەوکردنی ڕیزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی (حەیدەری ، 1971). لە سۆنگەی ئەوەی وڵاتە پێشکەوتووەکان هەمیشە بایەخێکی گرنگ بە لاوان دەدەن لە لایەنی پەروەردە و ئامادەکردنیان بۆ ئەوەی بە چاکی ڕۆڵی خۆیان لە پێشکەوتنی کۆمەڵدا ببینن، بەو پێیەی لاوان گەورەترین هێزی کۆمەلایەتین، هەروەها چالاکترین گروپن بە گوێرەی تەمەنیان، سەرەڕای ئەوەش زووتر پەیڕەوی گۆڕانی مرۆڤایەتی دەکەن، هەموو ئەوانە سەرنجی حەیدەرییان ڕاکێشاوە بۆ ئەوەی دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی لاواندا لە شاری هەولێر ئەنجام بدات تاوەکو ڕۆڵی ئەم بەرێوەبەرایەتیە لە گەشەپێدانی توانای لاوان بۆ خەڵک بە دیار بخات (حەیدەری، 1971).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

جگە لەو وتارانەی حەیدەری کە ئاماژەی بۆ کرا، ناوبرا و وەکو پەیامنێرێکی چالاکی رۆژنامەکە، گەلێک دیداری لەگەڵ ژمارەیەک شاعیر و نووسەر و هونەرمەندی دیاری شاری هەولێر ئەنجام داوە و کۆمەڵێک بیرەوەری و زانیاری گرنگ و ناوەزەی بەدەست خستووە و لاپەڕەیەکی رۆژنامەکەی پێ رۆشنکراوەتەوە، دیارترینیان بریتین: ( **دلزار بۆ هاوکاری ئەدوێ)** [19]، (**مامۆستا عەونی حەبیب بیرەوەری خۆی بۆ هاوکاری باس ئەکا)** [20]، ( **دیدەنییەکانی قوتابخانەکانی کچانی هەولێر)** [21]، ( **7 پرسیار و نووسەر و رۆشنبیری کوردستان / وەڵامی مامۆستا محمد مولود – مەم)** [22]، ( **پەروەردەی هەولێر و شەش دەورە)** [23]، ( **دانیشتنێک لەگەڵ هەندێ لە بەشداربوانی یەکەم کۆڕی لێکۆڵینەوەی کتێبی قوتابخانەک بە زمانی کوردی)** دا ) [24]، ( **گەورەترین فەرهەنگی زانیاری عەرەبی / کوردی)** [25]، ( **میهرەجانی شاعیری نەتەوەیی حاجی قادری کۆیی)** [26]، ( **پەیکەری حاجی قادری مەزن** ) [27]، وەکو پەیامنێر لە رۆژنامەکە لە نێوان ساڵانی ( 1970–1976) زۆر چالاکانە کاریکردووە، بەڵام ئەوکاتەی کە ( عوسمان فایەق) بووەتە بەرپرسی رۆژنامەکە، بە هۆکاری ئەوەی کە مومتاز حەیدەری لە نووسینەکانی لە شوێنی وشەی (منطقة حكم الذاتي) وشەی (کوردستان)ی بەکار هێناوە، لە مانگی 10/ 1976 لە رۆژنامەکە دەرکراوە (حەیدەری، 2018/7/11).

## 5. پاشکۆی رۆژنامەی ( العراق ):

وێستگەیەکی دیکەی کاری رۆژنامەگەری ئاشکرای مومتاز حەیدەری بووە، ئەم رۆژنامەیە پاشکۆی رۆژنامەی ( العراق)ی عەرەبی[28]بوو، کە هەفتەی جارێک بە زمانی کوردی لە بەغدا دەردەچوو، یەکەم ژمارەی ئەم رۆژنامەیە لە 9ی تشرینی دووەمی 1976 بە ( 8) لاپەڕە دەرچووە (عێراق، 11/9/ 1976). ژمارە (2)شی لە 11/23ی هەمان ساڵ دەرچوو، بەڵام دوای ماوەیەک رۆژنامەکە دەوەستێت و دوای پێنج مانگ جارێکی دیکە رۆژنامەکە سەرلەنوێ ژمارەی (1)ی لە 1977/3/21 بە (16) لاپەڕە دەرچوو(عێراق، 3/21/ 1977). لەم بارەیەوە توێژەرێک پێی وایە دانانی بەرواری 21ی ئادار بۆ رۆژی دەرچوونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەکە و وازلێهێنانی رێکەوتەکەی تر، دەگەڕێتەوە بۆ

ئەوەی کە ویستوویانە یەکەم ژمارەی رۆژنامەکە بکەویتە یەکەم رۆژی (نەورۆز)ەوە کە جەژنێکی نەتەوەیی کوردە (گۆمەتالی، 2012، ل 202).

ئەم رۆژنامەیە خزمەتێکی زۆری بە ئەدەب و هونەری کوردی کردووە، چەندین نووسەر و شاعیر و چیرۆکنووسی ئەو کاتی کورد بابەتەکانیان تێدا بڵاوکردۆتەوە، مومتاز حەیدەریش یەکێک بووە لەوانەی بەرهەمەکانی لە زۆربەی ژمارەکانی رۆژنامەی ناوبراو دەبینرێت، بەنموونە لە ژمارە (2) ئەو رۆژنامەیە بابەتێکی بە ناونیشانی ( **لاپەڕەیێکی دێرین لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردی بە نەوەی نوێ پێشکەشە**) نووسیووە، لێرەدا ناوەرۆکی ژمارە (2)ی ساڵی یەکەمی (گۆڤاری گەلاوێژ)ی شیکردۆتەوە و باس لەوە دەکات کە لە (64) لاپەرە پێک هاتووە و کۆمەڵێک وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و مێژوویی و رۆشنبیری و دیوانی شاعیرانی لە خۆگرتووە، یەکەم وتاری ئەم ژمارەیەش بە پێنووسی مێژوونووسی کورد (محمد امین زەکی)ە، کە لە (12) لاپەڕە باس لە سەرەتای پەیدابوونی زمانی کوردی دەکات (حەیدەری، 1976/11/23).

ناوبراو لە یادی هەشتا ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی، وتارێکی بە ناونیشانی (**چەند ووشەیەکی خێرا لە یادی هەشتا ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی دا**) لە لاپەڕە (4-5)ی رۆژنامەکە بڵاوکردۆتەوە(حەیدەری، 1978/4/21). لەسەرتای وتارەکە رۆڵ و شوێنی رۆژنامەگەری لە ژیانی مرۆڤدا رونکردۆتەوە، لێردەدا رۆژنامەی بە چەکێکی کاریگەر لە کۆڕی ململانێی کۆمەڵدا ناوزەند دەکات، لە بەشێکی دیکەی وتارەکەی باس لە دەست نیشانکردنی رۆژی رۆژنامەگەری دەکات و بە نیشانەیەکی خەبات لە مێژووی نەتەوەی کورد دەزانێت، دواتریش لە کۆی شەش خاڵدا باس لە دەرچوونی رۆژنامەکە دەکات، کە بریتیین لە:

1 دەرچوونی هەر چەند ژمارەیەک لە شوێنێکی تایبەتی دا، ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەم رۆژنامەیە زۆر بەر بەرەکانێ کراوە .

2 رۆژنامەی کوردستان خۆی لە خۆیدا کە ناوەکەی ( کوردستان) بووە، نیشانەیەکی نەتەوەییە.

3-یەکەم رۆژنامەی کوردی بووە، کە بەزمانی کوردی و بە کوردییەکی جوان و ڕەوان – زاراوەی کرمانجی سەروو، ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێ لە لایەک ئەو رووناکبیرانە وویستوویانە بە کوردی روو لە کۆمەڵانی خەڵک بکەن بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەیان، لە لایەکی دیکە زمانی زگماکی کورد نەک تەنیا لە فەوتان و لە ناوبردن بپارێزن، بەڵکو بەرەوپێشی بەرن.

4-بە دەرچوونی رۆژنامە کوردستان، تێکۆشانی نەتەوەیی کورد زیاتر پشت ئەستوور بووە بە زانست و زانیاری بە پێی سەردەمی خۆی، بۆ روونکردنەوەی ئاوات و هەوڵ و کۆششی ڕەوای کورد دژی داگیرکەر.

5-دەرچوونی یەکەم ژماری لەشاری قاهیرە، نیشانەیەکی دیکەی مێژووییە لە بوونی دۆستایەتی کورد و عەرەب لە کۆڕی تێکۆشان و هاوکاریدا.

6-رۆژنامەی کوردستان بەردی بناغەی مێژووی رۆژنامەگەری کوردە و ئاوێنەی جولانەوەی ئازادیخوازی سەردەمی خۆی بووە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

جگە لەمە، مومتاز حەیدەری بە ژمارەیەک وتاری دیکەی جۆراو جۆری لە بوارەکانی ئەدەب[29] و مێژوو[30] و ڕۆژنامەگەری[31]، بە زمانی کوردی زانیاری ناو ڕۆژنامەکەی دەوڵەمەندتر کردووە، دواجاریش لە ڕێکەوتی 7/9/ 1979 دەستی لە کارکێشاوەتەوە. (حەیدەری، 2018/7/11).

## ئەنجام:

1- ڕەوشی زێدە نالەباری خێزانەکەیان و بەندکردنی برا گەورەکانی (عاصم، سالح، جەمال،موهیب) لە ساڵی 1949 وگەڕانەوەی خێزانەکەیان بۆ گوند، بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دوورکەوتنەوەی ئەو لە خوێندن و قوتابخانە دادەنرێت، لە لایەکی دیکەوە، دەستگیرکردنی لە لایەن حکومەتەوە دوورخستنەوەی بۆ خوارووی عێراق و بێبەشکردنی لە تاقیکردنەوەی کۆتایی،بە خاڵێکی دیکە دادەنرێت لەو هۆکارانەی کە بوونەتە بەربەست لەبەردەم تەواونەکردنی قۆناغەکانی خوێندن.

2- نووسین و خزمەت بە زمانی کوردی و ڕۆژنامەنووسی کوردی لایەنێکی دیاری حەیدەری بووە و بەڵگەش بۆ ئەمە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ساڵانی پێشوو هەڵدەیەوە ڕەنگە کەمتر بڵاوکراوەیەکی باشووری کوردستان بە ئاشکرا و نهێنییەوە دەست کەوێ کە بابەتی بە پێنووسی مومتاز حەیدەری تێدا نەبن.

3- حەیدەری لە گۆرەپانی بزاڤی ڕۆشنبیری هەمیشە هەوڵی داوە لە ڕەوتی ڕۆژنامەگەریدا دانەبڕێت و شێلگیرانە بەردەوامی داوە بە خزمەتی وشە و کولتوری کوردی، لە سەرەتای لاوێتییەوە کاری ڕۆژنامەوانی کردووە کە ئەمەش لە بڵاوکراوەی (ڕۆژنامەی ئازادی)، (صوت الاحرار)، (نشرە اخبار کوردستان)دەردەکەوێت، جگە لەوەی وەکو ڕۆژنامە نووسێک لە نێو ڕۆژنامەی نهێنی و ئاشکرا کاری کردووە، لەوانەش ڕۆژنامەکانی (ڕێگای کوردستان، گۆڤاری نووسەری نوێ،گۆڤاری ڕۆشنبیر، گۆڤاری نووسەری کورد، ڕۆژنامەی هاوکاری، پاشکۆی عێراق، لەم لایەنەوە خاوەن قەڵەمێکی بە برشت بووە لە نووسینەکاندا، چ ئەوانەی لە بواری ڕۆژنامەوانیدا نووسیویەتی لە ڕۆژنامە نهێنی و ئاشکراکانی کوردی و عەرەبی، چ لەوانەی لە بواری ئەدەبدا نووسیویەتی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## پەراوێزەکان :

([1]) بەپێی دەفتەر نفوسی ناوبراو لە 7/1/ 1942 لە دایک بووە، بڕوانە پاشکۆی ژ (1)، بەڵام لە هەموو نوسراوەکانی خۆی و چاوپێکەوتنەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە ڕێکەوتی ( 3/8/ 1938) لە دایک بووە، بۆ نموونە بڕوانە: زێدە بە کورتی ژینامەی مومتاز حەیدەری لە: حەیدەرییبنامە، ئامادەکردنی: مومتاز حەیدەری بەرگی 4، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2018، ل 697؛ مومتاز حەیدەری قەڵەم نزیکترین هاوڕێمە، یادەوەری: ڕۆژنامە " ئاسۆ "، ژ (1537)، دووشەممە 2011/8/22.

(2) هەندێک پێیان وایە ڕەچەڵەکی حەیدەری دەچێتەوە سەر ( شێخ سەفیەدینی ئەردەبیلی ) کە دامەزرێنەری بنەماڵەی سەفەوی بووە، لەو بارەیەوە بڕوانە :عصام الدین بن علی بن مراد العمری، الروض النضر فی ترجمة ادباء العصر، تحقیق : د. سلیم النعیمی، بغداد، 1975، ج3، ص6 ؛محەمەد عەلی قەرەداغی، بووژانەوەی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، چ1، هەولێر، 2004، ب6، ل176. لەلایەکی ترەوە بیروڕا هەیە کە حەیدەریەکان بە ڕەچەڵەک عەرەبن و بنەچەیان دەچێتەوە سەر ( حوسێنی کوری عەلی کوری ئەبی تالیب ) بڕوانە : ابراهیم فصیح صبغه الله بن اسعد الحیدری البغدادی، عنوان المجد فی بیان احوال بغداد والبصره و نجد، تحقیق : کورکیس عواد و یاسین باش اعیان، بیروت، 1999، ص120. یەکێکی دیکە لەو بۆچوونانەی کە دەربارەی ڕەگەزی حەیدەرییەکان گووتراوە، ئەوەیە کە ئەوان بە ڕەگەز تورکن و لەسەرەتادا لە ناوچەی ( ماوراء النهر ) " کە دەکاتە تورکمانستانی ئێستا" نیشتەجێ بووینە و کاتێ هاتوونەتە کوردستان گوندێکیان بە ناوی ( ماوەران ) ئاوەدانکردۆتەوە و بە ناوی زێدی کۆن (ماوراء النهر) یان کردۆتەوە . بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ڕەچەڵەکی حەیدەرییەکان بروانە: بورهان حاتم گومەتالی، ساڵح حەیدەری 1922-2001 ڕۆلی سیاسیی و ڕووناکبیری،چ1،هەولێر، 2012، ل ل 16- 20.

(3) دیدار لەگەڵ جەمشید حەیدەری(دکتۆر)، لە (2015/11/26). لە ساڵی 1943 لە هەولێر لە دایک بووە و خوێندنی سەرەتایی هەر لەو شارە تەواو کردووە،ناوەندی و ئامادەیی لەشاری بەغدا خوێندووە، لە ساڵی 1975 بڕوانامەی ماستەری لە کۆلێژی زمان لە زانکۆی (لینینگراد) بە دەست هێناوە، لە ساڵی 1980 دکتۆرای لە کۆلێژی زمانی (لینینگراد) بەدەست هێناوە، لە ساڵانی (1980-1983) وەک توێژەر لە پەیمانگای (ڕۆژهەڵاتناسی) لەبەشی زمان لە شاری لینینگراد کاری کردووە، بۆ ماوەی چەند ساڵێک مامۆستا بووە لە کۆلێژی زمان / بەشی کوردی لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، ئیستا خانەنشینکراوە و لە شاری هەولێر دادەنیشێت.

(4) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی فەزیلە وەلی قادر چەلەبی بڕوانە : جەمشید حەیدەری، فەزیلە وەلی چەلەبی 1893-1898، گۆڤار " شاووشکا "، ژ (6).

(5) لەم بارەیەوە مومتاز حەیدەری ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو قوتابخانەیە نزیک گەڕەکی عارەبان بوو لای قشلە( سەرا)، لەو کاتەدا باوکی ( جەودەت ئەحمەد ناجی) بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە بوو. بڕوانە: مومتاز حەیدەری قەڵەم نزیکترین هاوڕێمە، یادەوەری: ڕۆژنامە " ئاسۆ "، ژ (1537)، دووشەممە 2011/8/22.

(6) هۆکاری دەستگیرکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کاتێک حزبی شیوعی هەڵمەتێکی پۆستەر هەڵواسینی دەست پێکرد بە ناوی (السلم فی کوردستان)، مومتاز حەیدەری لەگەڵ هەردوو براکەی (موهیب و جەمشید) لە نێو کۆڵانەکاندا ئەم پۆستەرەی هەڵواسیووە، دوای ئەوەی حکومەت پێی زانیوە و کەوتوتە جموجۆل و دەستگیرکردنی ئەو کەسە چالاکانەی ئەو کارەیان دەکرد، مومتاز حەیدەریش یەکێک بوو لەوانەی کەوتۆتە بەر ئەو شاڵاوە. مومتاز حەیدەری، بۆتان دەگێڕمەوە، ل 51-52. (دەست نووس، لای نووسەر پارێزراوە).

(7) بڕوانە: کریم أحمد، ممتاز الحیدری، لە: حەیدەرییبنامە، بەرگی (1)، ل 359.

(8) ڕۆژنامەی ئازادی زمانحاڵی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بووە، ژمارە (1)ی لە 1/ئایاری/ 1959 لە کەرکوک و پاشان لە بەغدا دەرچووە، بەر لە 14ی تەمووزیش بە نهێنی ژمارە (1)ی لە نیسانی 1944 دەرچووە.

(9) کودەتای 8ی شوباتی 1963 لە ئەنجامی هاوکاری نێوان هەواڵگری ناوەندی ئەمریکی (CIA) و حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بۆ ڕووخانی حکومەتی عبدالکریم قاسم و لێدانی شیوعیەکان سەرکەوت و بۆ یەکەمین جاریش لە عێراق دا حزبی بەعس دەسەڵاتی گرتە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

دەست، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د.علی کریم سعید، عراق 8 شباط 1963 من حوار المفاهیم الی حوار الدم " مراجعات فی ذاکرة طالب شبیب" ط3، بغداد، 2005، ص61 وما بعدها؛ عبدالفتاح علی البوتاني، العراق دراسة فی تطورات السیاسة الداخلیة 14 تموز 1958- 8 شباط 1963،ط1، دمشق، 2008، ص361.

(10) شاخێکە لە پشتی کۆیە، لە کۆتایی چیای ( سەفین)ی بەناوبانگە .

(11) (حسین احمد الرضی ) ناسراو بە سەلام عادل لە ساڵی 1922 لە شاری نەجەف لە دایک بووە، لەساڵی 1944 چۆتە ریزەکانی حزبی شیوعی عێراق، لە ساڵی 1954 بووەتە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی و لە ساڵی1955 دەبێتە سکرتێری حزب، لە دوای کودەتای (8/ شوباتی/ 1963) لە لایەن بەعسیەکانەوە لە(7/ ئازاری/ 1963 لە سێدارە دراوە، بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ژیان و ڕۆڵی سیاسی بڕوانە: ثمینە ناجی یوسف و نزار خالد، سلام عادل "سیرە مناضل"ج1-2، دمشق، 2001.

(12) ژمارە دووی ئەم گۆڤارە ساڵی ( 2009) لە گۆڤاری ( K21) بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە: گۆڤار " K21 "، ژ (5-6)، 2009، ل 172-195.

(13)مەعروف عەبدولقادر عەزیز، ناسراو بە مارف خەزنەدار لە ساڵی 1930 لە شاری هەولێر لە دایک بووە، ساڵی 1957 بەشی زمانی عەرەبی لە زانکۆی بەغدا تەواوکردووە، ساڵی 1963 لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەت لە شاری لینیگراد بڕوانامەی دکتۆرای لە مێژووی ئەدەبی کوردی نوێ بە دەستهێناوە، نزیکەی (20) بەرهەمی لەبواری ئەدەبی کوردی بە چاپ گەیاندووە،لە ساڵی 2005 خانەنشین کراوە و دوای زیاتر لە سی ساڵ خزمەتکردن بە زمان و ئەدەبی کوردی لە ڕێکەوتی 2010/10/25 کۆچی دوایی کردووە. ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ب8، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان- هەولێر، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، 2009، ل 3451.

(14) بڕوانە: گۆڤار " نووسەری کورد"، ژ (1)، خولی دووەم، ئایاری 1979، ل 3-7 ؛ تا : ژمارە (12) خولی دووەم، ئابی 1983.

(15) ژ (3)، خولی دووەم، مارتی 1980 تایبەت بووە بە ئەدەبی منداڵ ؛ ژ (6)، خولی دووەم، شوباتی 1981 تایبەت بووە بە ڕەخنە و لێکۆڵینەوە.

(16) لە ژمارە (1-2)ی گۆڤارەکە محەمەدی مەلا کەریم سکرتێری نووسین بووە. بڕوانە: گۆڤار " نووسەری کورد"، ژ (1)، خولی دووەم، ئایاری 1979؛ گۆڤار " نووسەری کورد"، ژ (2)، خولی دووەم، ئابی 1979.

(17) بڕوانە: گۆڤار " نووسەری کورد"، ژ (3)، خولی دووەم، مارتی 1980 تا ژمارە (12) خولی دووەم، ئابی 1983.

(18)حەمید عوسمان لە ساڵی 1927 لە هەولێر لە دایک بووە، لە ساڵی 1947 چووەتە ناو ریزەکانی حزبی شیوعی عێراق، لەو ساڵەوە تا 1949 بەرپرسی ڕێکخستنەکانی حزب بووە لە سلێمانی لە حوزەیرانی 1949 دەستگیرکراوەو (15) ساڵ حوکم دراوە، لە حوزەیرانی 1954 لە بەندیخانە ڕایکرد، لەساڵی 1956 چووەتە ناو ریزەکانی (پدک)، لە ساڵی 1987لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە . سەروەر عبدالرحمن عمر، حزبی شیوعی عێراق و مەسەلەی کورد (1934 – 1975)، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2019، ل173.

(19) بڕوانە: هاوکاری " ڕۆژنامە"، ژ (133)، 9/9/ 1972.
(20) هاوکاری " ڕۆژنامە"، ژ (137)، 10/7/ 1972.
(21) هاوکاری " ڕۆژنامە"، ژ (148)، 29/ 12/ 1973.
(22) هاوکاری " ڕۆژنامە"، ژ (157)، 3/9/ 1973.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

(23) هاوکاری " ڕۆژنامە"، ژ (174)، 1973/7/6 .
(24) هاوکاری " ڕۆژنامە"، ژ (179)، 10/3/ 1973.
(25) هاوکاری " ڕۆژنامە"، ژ (192)، 11/9/ 1973.
(26) هاوکاری " ڕۆژنامە"، ژ (23)، 1971.
(27) هاوکاری " ڕۆژنامە"، ژ (196)، 1973.

(28) دوای ئەوەی بە بڕیارێکی حکومەت لە 16ی شوباتی 1976 مۆڵەتی ڕۆژنامەی ( التأخی) هەڵوەشایەوە، ڕۆژنامەی ( العراق) یەکەم ژمارەی لە 18ی شوباتی 1976 دەرچوو، دەستەی ئیمتیازی ڕۆژنامەکە لە (هاشم عەقراوی- سەرۆکی دەستە، ساڵح حەیدەری، فائیق جەمیل، عبدالله ڕۆژبەیانی، عەبدولئیلاه موسا، محەمەد ئەمین محەمەد- ئەندامانی دەستە) پێک هاتبوون. بڕوانە: بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، ساڵح حەیدەری 1922-2001، هەولێر، 2012، ل 195.

(29)بڕوانە: پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق " ڕۆژنامە"، ژ ( 9)، تشرینی دووەمی 1977 و ژ (18)، 21/8/ 1978.
(30)بڕوانە: پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق " ڕۆژنامە"، ژ (8)، 21/10/ 1977 و ژ ( 16)، 1978/6/21.
(31)بڕوانە: پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق " ڕۆژنامە"، ژ ( 32)، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی 1979.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# Mumtaz Haidari and his role in Kurdish Newspaper

**Barzan Mohammad Ali**

Department of History, College of Art , University of Salahaddin - Erbil ,Kurdistan Region,Iraq.
E-mail: barzan.ali@su.edu.krd

**Karwan Jawhar Mohammad**

Department of History, College of Art , University of Salahaddin - Erbil ,Kurdistan Region,Iraq.
E-mail: karwan.mohammad@su.edu.krd

## Abstract:

In general this Research paper examines the biography and personality of Mumtaz Haidari and his role in the history of Kurdish newspapers. All the aspects of the study are supported by proofs, evidence from different trusted sources.

The paper expresses its point of views in a very objective way. In all its arguments the writer supports his views and opinions by different sources, in a genuine attempt of him to present a very clear picture of Mr Haidari in all historical incidents of Kurdish history.

The research consists of two sections:

The first section sheds light on the life of Mr Haidari. The way he grow up and his works up to the present time.

The second section focuses on his role in Kurdish newspepars and all his activities and contributions to this fiend.

**Key Words:** Newspaper, Mumtaz, Article, Important, Magazin.

# ممتاز حيدري ودوره في صحيفة كردية

**بارزان محمد علي** قسم التاريخ، كلية الفنون، جامعة صلاح الدين - أربيل، إقليم كردستان، العراق.

ئيمەيل: barzan.ali@su.edu.krd

**كاروان جوهر محمد** قسم التاريخ، كلية الفنون، جامعة صلاح الدين - أربيل، إقليم كردستان، العراق.

ئيمەيل: karwan.mohammad@su.edu.krd

**ملخص:**

يعتبر ممتاز حيدري من المثقفين المشهرين في مدينة اربيل، وله دور مشهود في هذا المجال. من هذا المنطلق خصص له هذا البحث حول دوره في تاريخ الصحافة الكردية.اهمية هذا البحث تكمن في ان الباحث تناول الاحداث بأمانة علمية وعدم الولوج في دوامة الايديولوجيا. وقد عبر عن رأية في كثير من الاماكن التي استوجبت ذالك. ولهذا عرج علي مصادر متنوعة مختلفة، وبصورتة عامة حاول الباحث ان يعرض دور الحيدري بالوثائق والادلة المطلوبة.

يتكون البحث من محوريين، في المحور الاول تناول أصل الاسرة و حياة الحيدري و مراحل تكوين شخصيته، والمحور الثاني يبحث في دور الحيدري في الصحافة الكوردية بشقيه السري والعلني.

لم يواجه الباحث اية مشاكل تستوجب ذكر عدا وجود كثرة المواد والمصادر حول الموضوع بحيث يربك الباحث في استخدامها!، وقد استند الباحث بجملة المصادر القيمة تخص الموضوع.

**كلمات الافتتاحية :** صحيفة، ممتاز، مقالة، هامة، جريدة.

## سەرچاوەكان:

ئازاد عوبێد سالح، كاریگەری شۆرشی ئەیلول لەسەر رۆژنامەوانیی كوردی 1961-1975، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، 2007.

بورهان حاتم گومەتالی، سالح حەیدەری 1922-2001 ڕۆلی سیاسیی و رووناكبیری،چ1،هەو لێر، 2012.

سەروەر عبدالرحمن عمر، حزبی شیوعی عێراق و مەسەلەی كورد (1934 – 1975)، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی، 2019.

حەیدەرییینامە، ئامادەكردنی: مومتاز حەیدەری بەرگی 1، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، 2018.

حەیدەرییینامە، ئامادەكردنی: مومتاز حەیدەری بەرگی 4، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، 2018.

عبدالكریمی مدرس، بنەماڵەی زانیاران،چ1، بەغداد، 1984.

عەبدوللا ئەنوەر( سمكۆ)، رۆژنامەوانی كوردی شاری هەولێر 1935-1975، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، 2012.

قارەمان حەیدەر عبدالرحمان، بزوتنەوەی رۆشنبیری كوردی لە شاری هەولێر 1975-1991، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، 2016.

كەمال مەزهەر، چەند لاپەرەیەک لە مێژووی گەلی كورد، بەرهەڤكرنا :عەبدوڵلا زەنگەنە، چ1، هەولێر،2006، ب2.

نەوزاد عەلی ئەحمەد، رابەری رۆژنامەگەری كوردی، چاپخانەی رۆشنبیری، سلێمانی، 2001.

محەمەد عەلی قەرەداغی، بووژانەوەی زانایانی كورد لە رێگەی دەستخەتەكانیانەوە، چ1، هەولێر، 2004، ب6.

مستەفا نەریمان، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەی هاوكاری، بەشی یەكەم 1970-1974، چاپخانەی دار الحریە، بەغدا، 1989.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

یاسین قادر بەرزنجی و نەوزاد علی ئەحمەد، بیبلۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری كورد و نووسەری كوردستان، چاپخانەی بێسارانی، سلێمانی،1998.

ابراهيم فصيح صبغه الله بن اسعد الحيدرى البغدادي، عنوان المجد فى بيان احوال بغداد والبصره و نجد، تحقيق: گورگيس عواد و ياسين باش اعيان، بيروت، 1999.

ثمينه ناجى يوسف و نزار خالد، سلام عادل "سيره مناضل"،ج1-2، دمشق، 2001.

جمال بابان، أعلام الكرد،ج2، ط2، مطبعة اراس، اربيل، 2012.

عبدالرزاق الحسنى، تاريخ الوزارات العراقيه، ط(7)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 1998،ج1.

د.على كريم سعيد، عراق 8 شباط 1963 من حوار المفاهيم الى حوار الدم " مراجعات فى ذاكرة طالب شبيب" ط3، بغداد، 2005.

عبدالفتاح على البوتاني، العراق دراسة فى تطورات السياسة الداخلية 14 تموز 1958- 8 شباط 1963،ط1، دمشق، 2008.

عصام الدين بن على بن مراد العمري، الروض النضر فى ترجمة ادباء العصر، تحقيق: د. سليم النعيمي، بغداد، 1975، ج3.

محمد سعيد الراوى البغدادي، تاريخ الأسر العلمية فى بغداد، تحقيق و تعليق: د. عماد عبدالسلام رؤوف، ط2، بغداد، 2007.

محمد امين زكى، مشاهير الكرد و كردستان، ج2، اعداد: رفيق صالح، السليمانية، 2005.

مومتاز حەیدەری، بۆتان دەگێڕمەوە، ئامادەكردنی: حەیدەری عەبدوڵلا و دڵشاد خۆشناو، (دەست نووس، لای نووسەر پارێزراوە).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

مومتاز حەیدەری، هەولێر، لە (24 / 10 / 2015).

مومتاز حەیدەری، هەولێر، لە (23/ 6/ 2018).

مومتاز حەیدەری، هەولێر، لە ( 2018/7/11) .

جەمشید حەیدەری(دکتۆر)، هەولێ ، لە (2015/11/26) .

جەلال دەباغ، چاوگێڕانێک بە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی حزبی شیوعیدا، ڕۆژنامەڤانی"گۆڤار"، ژ2، ئابی 2000.

جەمشید حەیدەری، فەزیلە وەلی چەلەبی 1893–1898، گۆڤار " شاووشکا "، ژ (6).

مومتاز حەیدەری، قەڵەم نزیکترین هاوڕێمە، یادەوەری: ڕۆژنامە " ئاسۆ "، ژ (1537)، دووشەممە 2011/8/22.

گۆڤارەکانم بۆ نەوەی ئێستە دەرناکەم، چونکە نەخوێندەوار و کلۆڵن..!، ڕۆژنامە " باس "، ژ ( 102)، 2012/7/30.

گفتوگۆیەک لەگەڵ نووسەری ناسراوی کورد مامۆستا سەعید ناکام، گۆڤار " نووسەری کورد"، ژ (1)، خولی دووەم، ئایاری 1979.

لە دانیشتنێک دا لەگەڵ (خالید دلێر)ی شاعیر و هونەرمەند، گۆڤار " نووسەری کورد"، ژ (9)، خولی دووەم، تشرینی دووەمی 1982.

مامۆستا سەجادی خەرمان بەرەکەت، گۆڤار " نووسەری کورد"، ژ (12)، خولی دووەم، ئابی 1983.

لە مرۆڤە ڕۆشنبیرە نیشتمانپەروەکانمان: عەبدوڵڵا عەزیز، گۆڤار " نووسەری کورد"، ژ (7)، خولی دووەم، تەمووزی 1981.

كريم أحمد، ممتاز الحيدری، لە: حەیدەرییینامە، ئامادەكردنی: مومتاز حەیدەری، بەرگی 1، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، 2018.

محمود كمال اينال، ابراهيم الحيدری في ذاكرة التاسعة والأربعين /عن كتاب/ صوت عصر تورك شاعيرلری،ج1، "العراق"، جريدة،ع(1171)،1980/1/3.

نووسەری نوێ " گۆڤار"، ژ (1)، چاپخانەی (اسعد)، بغداد، حوزەیرانی 1972.

نووسەری نوێ " گۆڤار"، ژ (3)، چاپخانەی (اسعد)، بغداد، حوزەیرانی 1978.

نووسەری نوێ " گۆڤار"، ژ (4)، چاپخانەی (الحوادث)، بغداد، حوزەیرانی 1979.

نووسەری نوێ " گۆڤار"، ژ (5)، چاپخانەی (الحوادث)،بغداد، ئەیلولی 1980.

گۆڤار " نووسەری كورد"، ژ (1)، ساڵی یەكەم، مارتی 1971.

گۆڤار " نووسەری كورد"، ژ (1)، خولی دووەم، ئایاری 1979.

گۆڤار " نووسەری كورد"، ژ (2)، خولی دووەم، ئابی 1979.

گۆڤار " نووسەری كورد"، ژ (3)، خولی دووەم، مارتی 1980.

گۆڤار " نووسەری كورد"، ژ (6)، خولی دووەم، شوباتی 1981.

گۆڤار " نووسەری كورد"، ژمارە (12) خولی دووەم، ئابی 1983.

هاوكاری " رۆژنامە"، ژ (1)، هەینی 1970/1/9.

هاوكاری " رۆژنامە"، ژ ( 10)، 20ی مارتی 1970.

هاوكاری " رۆژنامە"، ژ ( 21)، 6/6/ 1970.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

هاوكاری " رۆژنامه"، ژ (24)، 20ی حوزەیرانی 1970.

هاوكاری " رۆژنامه"، ژ (37)، 11ی تەموزی 1970.

هاوكاری " رۆژنامه"، ژ (23)، 10ی تەموزی1971.

هاوكاری " رۆژنامه"، ژ (33)، 18ی ئەیلولی 1971.

هاوكاری " رۆژنامه"، ژ (133)، 9/9/ 1972 .

هاوكاری " رۆژنامه"، ژ (137)، 10/7/ 1972.

هاوكاری " رۆژنامه"، ژ (148)، 29/ 12/ 1973.

هاوكاری " رۆژنامه"، ژ (157)، 3/9/ 1973.

هاوكاری " رۆژنامه"، ژ (174)، 1973/7/6.

هاوكاری " رۆژنامه"، ژ (179)، 3/10/ 1973.

هاوكاری " رۆژنامه"، ژ (192)، 11/9/ 1973.

هاوكاری " رۆژنامه"، ژ (196)، 1973.

عێراق " رۆژنامه"، ژ (1)، 11/9/ 1976.

عێراق " رۆژنامه"، ژ (1)، 1977/3/21.

پاشكۆی رۆژنامەی عێراق " رۆژنامه"، ژ (2)، 11/23/ 1976.

پاشكۆی رۆژنامەی عێراق " رۆژنامه"، ژ (8)، 10/21/ 1977.

پاشكۆی رۆژنامەی عێراق " رۆژنامه"، ژ ( 9)، تشرینی دووەمی 1977.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

پاشكۆی رۆژنامەی عێراق " رۆژنامە"، ژ (14)، 21/4/ 1978.

پاشكۆی رۆژنامەی عێراق " رۆژنامە"، ژ ( 16)، 1978/6/21.

پاشكۆی رۆژنامەی عێراق " رۆژنامە"، ژ (18)، 21/8/ 1978.

پاشكۆی رۆژنامەی عێراق " رۆژنامە"، ژ ( 32)، تشرینی دووەم و كانوونی یەكەمی 1979.

رۆشنبیر " گۆڤار"، ژ (1)، 1973.

گۆڤار " K21 "، ژ (5-6)، 2009.

ئینسكلۆپیدیای هەولێر، ب8، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی بەدرخان- هەولێر، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، 2009.